# قەڵە مەکەم چەکوشە و ووشەکانم بزمار

بەختیارجاف
bextyarjaf@yahoo.com



زۆرجار باسی ئەوەم کردووە کە نووسین پرۆسەیەکی بەردەوامە و دەبێت و دەخوازرێ نووسەر لەهەمبەریدا ورد بێت و حسێب بۆ وشەو ڕستە دارژراوەکانی بکات، چونکە مێژوو لە سەرتی حسێب دەکات و نووسینەکانیشت وەك هەریەك لەمنداڵە کانت دەبنە هەڵگری ناوت، لەگەڵ ئەوەدا زۆرن ئەوانەی کە لەم ناوەندەن و بەناو نوسەرن و چاوەڕوانی داهاتوو ناکەن و تێنافکرن پاشەڕۆژ چیان بۆ لەهەگبە ناوەن، بۆیە بەئارەزووی خۆیان ئەوەی بەبەردەمیان دابێت دەیڵێن سڵی لێناکەنەوە، نموونەش زۆرن و گەلێك نوسەری لەم چەشن و شێوەیەش هەیە لەناوەندی ڕۆژنامەگەری کوردی بەتایبەت لەنێو سایتە ئەلکترۆنیەکاندا، ئەوەتا هەردوێنێ بوو قەڵەمێك کە جگە لە جنێو نوسی و سوکایەتی کردن بەم و بەو هیچی دیکەی ئەوتۆی لە هەگبە دا نەبوو، کەچی ئەمڕۆکە لە ئێمە مانان بۆتە شاعیری تازەخوازو نووسەری پرۆفیشناڵ و دژبە زمانی زبڵ قسە دەکات و لێدوان دەدات، کەخودی خۆی ڕۆڵێکی کارای هەبووە لە پەرپاکردنی نەوەك زمان بگرە مامۆستای دوورستکردن و دارشتنی دونیایەك ووشەی تازەبووە بۆ نێو فەرهەنگی زبڵ نووسی و هەڵبەستانی بوختان بۆ کەسایەتیە دیارەکان، ئەم زاتەش کە کۆلکە نووسەری دوێنێ و شاعیری شەوە سورەکانی ئەمڕۆیە، هەردوێنێ بوو خۆی باش دەیزانی دەیان گەنجی وەك من قێزمان لەنووسینەکانی دەبویەوە بەهۆی جنێونامەکانی، ئەمڕۆکەش بەڕاستی خۆی لەهەمووکەس پتر درکی بەوە کردووە کە چۆن قێزمان لە ماستاو سارکردنەوەکانی دێتەوە بۆ ئەوانەی زۆرلەمێژ نیە لای ئەو گەندەڵ و شەرواڵ پیس و خائین بوون، هەموو ئەمەشی کە ئەمڕۆ دەیکات گومانی تێدا نیە لەپێناوی ئینتیهازیەتی خۆیەتی و مەرام و مەبەستی هەیە بۆیان و پیلانی لەمێژینەیەتی، کردەوکانی ئێستاشی و قسەکردنی بەزمانی هەنووکەی بۆ ئەو ترسە دەگەڕێتەوە کە قەڵەمی تیژی لاوان نەك لای ئەو بگرە چەندانی وەك ئەوی دروست کردووە وای کردووە ئەمڕۆکە ئەوها و بەم شێوەیە بکەونە وێزەی قەڵەمە پاکەکانی گەنجان و هەڵبدەن بۆنە هێلانی ئەو شۆڕشەی لاوان بەرپایان کردووە و خەبات لەپێناوی نەهێلانی زمان پیس و نوسینی زبڵی لەچەشنی ئەوان دەکەن و بوونەتنە دیوارێك و بەریان پێیان گرتووە و هەموو ڕێگاکانی تاریکی شیان لێیان داخستوون و ناهێڵن چیدیکە بەو تونێڵە تاریکە شدا بڕۆنەوە کەجگە لە زلکاوی پیسی جۆگەڵەی ئەوان هیچی دیکەی لێ نەدەهاتەدەرەوە، لێ ئەوحاڵەتەیە کەئەوانی تووشی شۆك و هەناسە برکێی کردووە و هەمیشە واهەست دەکەن کاسبیەکەیان لەخەتر دایە، ناچار بەگۆچانی کوڕی شەرمەزاری ئەمڕۆ و دوێنێیان بەرۆژی ڕوناك هێرشی نارەوا و دوورلە ڕاستی دەکەنە سەر ئەم لاوانە کە ئەوانیان لەناوەندەکە پەراوێز خستووە، ئاخرناهەقیان مەگرن ئەوا ئێمەین پەردە لەسەر ڕاستیەکانی ئەو ڕۆشنبیرە ئینتیهازی و خۆپەرستانە هەڵدەدەینەوە و ناوەخنی ڕاستیان ئاشکرا دەکەین کەجگە لە مووشە خۆرو بەرژەوەندی تاکەس پەرست هیچی دیکەنین و ئەوانیش ئەوەی کە تادوێنێ دەیانکرد و تابن ئەنیشکی سەرکردەکان نەیان دەپاراست و جنێویان دەدا و هەمووکوردیان دەشوبهاند بەشەڕواڵ پیس و گەندەڵ و خائین و دەبینن قەڵەمی بەبڕشت ترلە بەرامبەر خۆیان هەیە چۆن ئەمەیان لا قەبوڵ دەبێت، ئەوان کەدەزانن ئەم لاوە ورە پۆڵاینانە ڕگریانن و ناهێڵن بەدرۆ و دەلەسەی چەندین ساڵە یان چی دیکە لەوە ی کە هەن زیاتر بن، چرن ناگەنە ئەو قەناعەتەی قەڵەمی لاوەکان بە چەکوش بزانن بۆسەری خۆیان، بۆیەش هەرچیەکی پێیان بکرێت درێغی لێناکەن بیکەن لەبەرامبەریاندا، بەلآم شەکرتان شکاند ئاغاکان ئەی نازانن ئێوەن کە ماڵە کانتان لەشوشەیە و زوو دەشکێت، لەبیرتان کرد چ ڕابردووەکتان هەیە و ئێمەش باش لێی ئاگادارین، بۆیە تێبگەن ئێمە کێین، ئێمەیەك ئەمڕۆ هەین و ئێوەش جگە لەزبڵدانی مێژووی ڕەشی نووسین هیچی دیکەتان بۆ نەماوەتەوە، قەڵمەکانی ئێمە تیژترو بەبڕشترە لە قەڵەمی شکاو و لەرزۆکی ئێوە، چونکە باش دەزانن قەڵمی ئێمە قەڵەمی هەق و دەرخستی ڕاستیە و قەڵمی ئێمە قەڵەمی داکۆکیکاری گەلێکی ستەم دیدە و خێر نەدیوە لەسای سەری ئێوەی گەندەڵی پرۆسەی نووسین و ناوەندی ڕۆشنبیری، ئەوقەڵەمانەش هەرهیچ نەبێت خاوەنی خۆیانن و وەك ئێوە نین هەرۆژە و لەسەر پەتێك و بەناو و ئاوازێك بۆ ئاغاکانیان و نەیارانەکانیان سەما بکەن و بخوێنن، ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە دەمانەوێت و مەتڵەبمان نەهێلانی ئێوەی موشەخۆر و گەندەڵی ناوبزاوتەکەیە، چونکە ئێوەی تادوێنێ جوێن فرۆش و زبڵ نووس و برسی دەسەلآ و ئێستاش تێرو پۆشتەن، چاك دەزانن بۆمان دەکرێت ئەمڕۆ ناهێلین ببنەوە ئەوانەی هەروەك ڕابردووتان جنێونامە

پەخش بکەن ئێمەش بەتەنها ڕامێنین لێتان، کورد گووتەنی:( ئەوباوکەتان مرد )، ئەوە ئێمە و ئەوەش ئێوە، مێژووش ڕەحم بەکەس ناکات، بۆیە قەڵەمەکانمان چەکوشە و ووشەکانیشمان بزمار.

تێبینی: بەیارمەتی داوای لێبوردن لە شاعیرو مامۆستای گەورە (عبداللە پەشێو ) ناونیشانی نووسینەکەم کە ناونیشانی شیعرێکی ئەوە، من پڕ بەپێستی ئەم نووسینەم زانی بۆقەڵەمە زبڵ نووسەکان، بۆیە هەڵم بژارد.

لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزو خۆشەویستیم بۆبەرێزیان